# ئیسلام و

# پێکەوە ژیانی ئاشتیانە

نوسینی: پ.د. عەلی محێدین قەرەداغی

وەرگێڕانی

م. صلاح الدين باقر

چاپی یەکەم

سلێمانی ٢٠١٤

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێناسی کتێب**

**ناوی کتێب: ئیسلام و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە**

**نوسەر: پ.د. عەلی محێدین قەرەداغی**

**وەرگێڕان: مامۆستا صلاح الدین باقر**

**نەخشە سازی ناوەوە: ئەحمەد میراودەلی**

**نەخشە سازی بەرگ: ئەحمەد سام**

**نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم –٢٠١٤**

**تیراژ: ١٠٠٠**

**چاپخانە: چوارچرا**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی() ی ساڵی () پێ دراوە**

**بەرهەمی نوسینگەی راگەیاندنی**

**پ.د.عەلی قەرەداغی– سلێمانی**

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو میهرەبان، دروودو رەحمەتی خوا بڕژێت بەسەر گیانی پاکی پێغەمبەری خۆشەویستماندا و هەموو شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

رووداوە خێراکانی ژیان و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە ئەوە دەخوازێت لە هەمووﻻیەك کە زۆر بەوردی چاودێری بارودۆخەکە بکەین و لەئاستی هەستیاری قۆناغەکەدا بین، وەڵام گۆ و ئیلهام بەخشی نێو کایە کۆمەڵایەتیەکە بین و بەروئیایەکی رۆشن و دیدێکی کراوەوە هەنگاو لەگەڵ ئەم واقیع و رۆژگارەدا بنێین، لەهەمان کاتدا ئاگاداری هەموو یاساو رێسا شەرعییەکان بین، تا ئاین و باوەڕمان لەگەڵ ئەخلاق و رەوشتمان پارێزراوبێت.

هەموو ئەو رووداوانەی کە روو دەکاتە ئەم خاك و خەڵك و نیشتمانە هەموان دەخاتە بەر بەرپرسیاریەتێکی گەورەو مێژووییەوە کە بەسوود وەرگرتن لە حیکمەت و ژیری و عەقڵەوە تەعامول و

تەفاعول لەگەڵ هاوکێشەی ڕووداوەکاندا بکەین و خوێندنەوەیەکی دروستی ئەم واقیعە بکەین.

کاتێك فیتنەو بەڵا ڕوو بکاتە ئاینی ئیسلام و بەناڕەوا ڕاڤە بۆ دەقە شەرعیەکانی بکرێت و بەناوی خواو خەلیفەی خواوە وڵات بکرێتە گۆمی خوێن و حەیاو شەرەفی ئافرەتانی تێدا هەڕاج بکرێت و وێنەیەکی ترسناك و قێزەون لە دینداری پێنیشانی خەڵکی بدرێت و کاڵای ترس و بیم و ستەم وداگیرکاری بکرێتە باڵای ئەوپەیامە ئاسمانیەی کە پارچەیە کە لەڕەحم وسۆزو میهرەبانی و هەوڵی ناشیرین کردنی مێژووی چەندین ساڵەی ئیسلام و مسوڵمانان بدرێت کە سەرچاوەی لێ بوردن و پێکەوەژیان و ئاشتی کۆمەڵایەتی بووە بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانەوە، ئەرکی دینداری و پەیامداریمان ئەوەمان لێ دەخوازێت کە ڕووی ڕاستەقینەی پەیام و دینداری خۆمان ڕۆشن بکەینەوەو پەردە لەسەر هەموو ئەو بۆچوون بڕیارە ناجۆرو

**نادروستانە هەڵبدەینەوە کە بەناوی ئاینەوە ئەنجامی دەدەن.**

**ئەم ڕووداوانەی ئەمڕۆ پێش هەموو کەس وولآت و لایەنێك، گەورەترین مەترسییە کە رووی کردۆتە ئاینی ئیسلام و تەشویهی وێنە راستەقینەکەی کردووەو خاك ونیشتیمانمانی دووچاری ئاڵۆزی و گرفت کردووە، بۆیە بەپێویستی دەزانین بیری هەموانی بهێنینەوە کە لەپەیامی ئیسلامدا چەندە گرنگی بەپێکەوەژیان و ئاشتی کۆمەلآیەتی دراوە.**

**بۆ ئەم بابەتە وتارێکی بەڕێز (دکتۆر عەلی محێدین قەرەداغی) وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی بەناوی (المبادئ العامة والقواعد الكلية للتعايش السلمي والتعاون الإنساني) ئومێدەوارین ئەم بابەتە هاندەرێکی باش بێت بۆ دەرخستن و ڕۆشنکردنەوەی هەموو ئەو لێبووردەیی و پێکەوەژیانەی پەیامی ئیسلام کە پێشکەشی مرۆڤایەتی کردوە، بەتەنها نموونەیی واقیعی و**

**بەرجەستەکراو لەمێژووی پێکەوە ژیاندا ئەژمار دەکرێت.**

**فرسەتێکیش بێت بۆ ناساندنی ئەوانەی لەبەرگی دینداریدا کارو رەفتاری نامرۆڤانەو ناشەرعیانە ئەنجام دەدەن و خۆیان کردۆتە رزگارکەری ئیسلام.**

**صلاح الدين باقر عبدول**

**٢٠/ ٨/٢٠١٤**

## بنەما گشتیەکان و یاسا بنەڕەتییەکان بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و هاوکاری مرۆیی

یەکەم مەبەستی پەیامی ئیسلام جێگیرکردن و دامەزراندنی بنەماگشتیەکان و رێسا بنەڕەتییەکان بوو بۆ دروستکردنی گیانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە ناخ و دەرونی تاکەکانی کۆمەڵگەداو دروستکردنی هەستی هاوبەشی مرۆیی لەروانگەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرمانەوە ﴿ﷺ﴾ قبولْ کردنی یەکتری بەهەموو جیاوازەییە کانەوەو جێبەجێ کردنی گیانی هاوکاری و بنیاتنانی وڵات لەڕوانگەی هەموو خێرو بێرێکەوەو پارێزگاری لێکردنی لەهەموو خراپەو فیتنەیەکەوە.

**لێرەدا گرنگترین بنەماگشتیەکان و یاسا بنەڕەتییەکان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەو هاوبەشی مرۆیی لەچەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:**

**یەکەم: بنەمای دانـنان بە جیاوازی نەتـەوەیی و ئاینی و فیکری و رەنگ و زمان و بیرو باوەڕە:**

لەسووننەتەکانی خوای گەورە دروستکردنی مرۆڤایەتیە بە(مسوڵمان وکافرە) وە، بەتێکڕای هەموو ئەو ئاین و بیروبۆچون و تێگەیشتن و بیرکردنەوە جیاوازانەی کە لەپانتایی ژیاندا دەژین، کە بەهەزارەها و بگرە بەملیۆنان لەخەڵکی بەبیروباوەڕی جیاوازەوە دەژین و دێن و دەچن لەهەموو بەشە جیاوازەکانی ژیاندا.

کە ئەمەش لەئیرادەو ویست و بڕیاری پەروەردگاردایە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ﴾ (٢٢) سورة الروم.

**واتە: یەکێکی تر لە نیشانەو بەڵگەکانی، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویە جیاوازی زمان و رەنگتانە (دەنگی هیچ کەس لە کەسی تر ناکات، سەرەڕای سەدەها جۆر زمان، کە جۆری قسەکردن و داڕشتنی هەر گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لە هەزاران شێواز کە لەو زمانە سەرەکیانە دەبێتەوە)، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایان و شارەزایان.**

**لەچوارچێوەی جیاوازی ئایین و مەزهەب و بیرو بۆچونەکاندا خوای گەورەدەفەرموێت: ﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللّهُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ (٢١٣) سورة البقرة**

**واتە: (لە سەرەتای پەیدابونی خەڵكیدا، پێش تۆفانەکەی نوح) خەڵکی یەك ئوممەت بوون و**

خاوەنی تەنها بیروباوەڕی یەکتاناسین بون، (بەڵام بەرەبەرە لایاندا) خوایش وێڵی نەکردن و پێغەمبەرانی ڕەوانەکرد، تا مژدە دەرو ترسێنەربن هاوڕێ لەگەڵ کتێبی ئاسمانیدا، بۆ روون کردنەوەی حەق و راستی، تا لەنێوان خەڵکیدا فەرمانڕەوایی و دادوەری ئەنجام بدات لەسەر ئەو شتانەی کە بۆتە کێشەیان و ڕاو بۆچوونیان لەسەری جیاوازە، کەسیش جیاوازی و کێشەی لەسەر بەرپا نەکرد جگە لەوانەی کە ئەو کتێبانەیان پێ بەخشراوە (کە گاورو جولەکەن) دوای ئەوەی بەڵگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ هات (کە قورئانە، ئینجا کێشە و دووبەرەکیان تێدا دروست بوو)، ئەمەش بەهۆی حەسادەت و ستەم کردنیانەوە (بۆیە پەیڕەوی حەق و راستیان نەکرد)، ئەوسا خوا هیدایەت و ڕێنمووی ئیماندارانی کرد بۆ دۆزینەوەی حەق و پەیڕەوی کردنی لە نێوان ئەو مەسەلانەی کە ئەوان کێشەیان لە سەری هەبوو و خوا

ڕێنموویی هەرکەسێك دەكات كە بیەوێت و (شایستەبێت) بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست.

خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوەکە سوننەتەکانی ئەم جیاوازیانە دەخوازێت وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ * إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ (١١٨-١١٩) سورة هود.

واتە: خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ، (بەڵام) بەردەوامیش ئەو خەڵکە جیاوازن لەنێوانی یەکتردا لە ئایین و بەرنامەو بۆچووندا... مەگەر ئەوەی بەزەیی پەروەردگارت گرتبێتیەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی کردوون، (واتە: بەشێوەیەك دروستی کردوون بتوانن ئازادی بیروباوەڕو بۆچوونیان هەبێت، ئینجا ڕێگەی ڕاستیان پێ بڵێت و بۆیان ڕوون بکاتەوە) و بڕیاری پەروەردگاری تۆ دەرچووە و تەواو بووە، کە

دۆزەخ پڕ دەکەم لەگرۆی پەری و خەڵکی (ئەوانەی خۆیان شیاوی ئاگر دەکەن).

ئەمەی دووبارە کردۆتەوەلە سورەتی(النحل) داو دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلكِن يُضِلُّ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (٩٣) سورة النحل.

واتە: خۆ ئەگەر خوا بیویستایە دەیکردن بەیەك ئوممەت (بەڵکو ڕێزی بۆ داناون و مۆڵەتی داون و سەربەستی کردوون)، بەڵام ئەوەی خوا بیەوێت گومڕای دەکات و ئەوەی بیەوێت ڕێنموویی دەکات (ئەڵبەتە ویستی خوا دژایەتی ویستی ئادەمیزاد ناکات، ئەوەی بیەوێت ڕێبازی هیدایەت بگرێت ڕێنموویی دەکات، ئەوەش ڕێبازی گومڕایی بگرێتە بەر مۆڵەتی دەدات و زۆری لێ ناکات)، بێگومان پرسیارتان لێ دەکرێت دەربارەی ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامتان دەدا.

لە سورەتی(الشوری)دا دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاء اللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن يُدْخِلُ مَن يَشَاء فِي

رَحْمَتِهِ وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ (٨) سورة الشورى.

واتە: ئەگەر خوا ویستی ببوایە هەموویانی دەکردە میللەتێکی یەك پارچە (هەمووان بەناچاریی ئیماندارو چاك دەبوون) بەڵام ویستی وایە هەر کەس بیەوێت و شایستە بێت، دەیخاتە سایەی رەحمەت و میهرەبانی و بەهەشتی خۆیەوە، ستەمکارانیش هیچ پشتیوان و یاریدەدەرێکیان نابێت.

یان دەفەرموێت: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ﴾(٤٨) سورة المائدة.

واتە: بۆ هەرلایەکتان (موسڵمانان و خاوەنانی کتێب) بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە خۆ ئەگەر خوا بیویستایە هەر هەمووتانی دەکردە یەك ئوممەت و گەلێکی یەك پارچە، بەڵام (ویستی وایە بەو جیاوازیە) تاقیتان بکاتەوە لەوەی پێی بەخشیوون (تا بەهۆی عەقڵ و ژیریتانەوە شوێنی

پێغەمبەری ئیسلام بکەون)، دەی کەواتە زۆر بەپەلەبن و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێرو چاکەیەك.

لەبەرئەوەی ئەم جیاوازیانە کەم بێت یان زۆر، گەورە بێت یان بچووك، بەهێزبێت یان لاواز بەگوێرەی جیاوازی نێو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکە دەبێت لەنێوان دیندارو بێدینەکاندا، چونکە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو مرۆڤایەتی مرۆڤ بوونە، دواتر هاوبەشی لەبنچینەکانی نێو ئاینە ئاسمانییەکان و بەها بالاّکان، گەورەترین و بەهێزترین خاڵی هاوبەشی نێوپێکهاتەکان بۆقبووڵ کردنی یەکتری ژیانی هاوبەشە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (**وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ**)[1] .

واتە: زەویشی بۆخەڵکی راخستووەو باری هێناوە (تا ژیانی خۆیانی تیادا بەرنەسەر ).

[1]. الرحمن / ١٠

بەم شێوەیە هەموو ئەم ئایەتانە بەئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمە بارودۆخی مرۆڤە، هەروەها ئاماژە بە هەوڵدان بۆ قبوڵکردنی ئەم جیاوازیانەو هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەیان هەست پیێ دەکەین.

ئەم جیاوازیانەش لە نێوان (من) و (ئەوان)ی جیاوازدا زیاد و کەم دەکات، لاواز دەبێت و بەهێز دەبێت، گەورە دەبێت و بچوك دەبێتەوە بە ڕێژەی جیاواز:

١- لەنێوان من و کەسێکدا کە بڕوای بەهیچ ئاینێك نەبێت، دوریەکی زۆر هەیە کە زیاترە لە دوری هەرکەسێکی جگە لەو، بەڵام خاڵە هاوبەشەکانی پێشوو کۆمان دەکاتەوە، شتێکی تریش کۆمان دەکاتەوە کە بریتیە لە گەڕان بەدوای ڕاستەقینەدا.

٢- لەنێوان من و ئەو کەسەی بڕوای ڕەهای بەخوای گەورە هەیە جیاوازیەکان کەمترە لە کەسێك کە بڕوای نیە، بەڵام زیاترە لە (ئەهلی کیتاب).

٣- لەنێون من و ئەو کەسەی لە ئەهلی کیتابن جیاوازیەکان ڕێژەکیان کەمترە لە گروپی پێشو، زیاترە لە گروپی پاشدیّ، پاشان هەر لەناو ئەهلی کیتابدا جیاوازیەکانم لەگەڵ مەسیحیەکدا کەمترە وەك لە جولەکەیەك.

٤- لەنێوان (من)ی مسوڵمان و نامسوڵمانە شەڕفرۆشەکاندا بارودۆخی جەنگ کاریگەرە لەسەر داڕشتنی پەیوەندیەکانمان، بەڵام بنەما ئەخلاقیە ئیسلامیەکان فەرمانڕەوایی جەنگەکە دەکات، هەروەها لەنێوان من و نا موسڵمانەکان ئەوانەی لە ئەهلی زیممەن، پەیوەندیەکە لەسەر پێدانی تەواوی مافەکانیان بەپێی بنەما ئیسلامیە گەورەکان لەم بوارەدا دادەڕێژرێت.

بەهەمان شێوە پەیوەندی منی مسوڵمان لەژێر سێبەری دەوڵەتێکی نامسوڵماندا، پەیوەستە بەو بەڵێننامەیەی لەنێوان من و ئەودا هەیە، ئەگەر هەستا بەئەرکەکانی سەرشانی لەبەرامبەر مندا،

ئەوە جیاوازی هەیە لە دەوڵەتێك بەم ئەركەی هەڵنەستێت، لێرەوە پەیوەندیەكانم بەم نامسوڵمانەوە زیاترە لە هەموو ئەوانەی پێشوو.

هەروەها پەیوەندیەكانی منی موسڵمان لەگەڵ نا موسڵمانە ئاشتی خوازەو بێ زیانەكاندا پەیوەندیەكە لەسەر بنەمای بانگەواز و چاكەو جوان ڕەفتار لەگەڵ كردن و پارێزگاری كردن لە پەیماننامەو بەڵێننامەكان.

٥- پەیوەندی من بە مسوڵمانانەوە بەجیاوازی ئاینزاو گروپ و كۆمەڵەكانیانەوە وا دادەنێم كەسێكم لەوان، بەڵام وێنەیەكی كۆپی كراوی پڕاوپڕی ئەوان نیم، بەڵكو ماوەیەك لەنێوان من و ئەواندا هەیە ئەگەرچی بچوكیش بێت، ئەمەش بەپێی ڕەگەزەكانی ڕێكەوتن و جیاوازیەكان لەنێوان ئاینزاو گروپ و كۆمەڵە ئیسلامیەكاندا.

## دووەم: بنەمای بەرهەڵستی کردن، سوننەتی بەرهەڵستی کردن بە جوانترین شێوە:

قورئانی پیرۆز وشەی (ململانێی) بەکار نەهێناوە، بەڵکو وشەی چونە پێشەوەو بەرگریو خۆ راگری لەبری (ململانێ)[1]ی بەکارهێناوە، دەفەرموێت :﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾ (٣٨) سورة الحــج

واتە: بێگومان خوا پشتگیری دەکات لەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە چونکە بەڕاستی خوا هەموو خیانەتکارو کافرو بێ باوەڕێکی خۆش ناوێت.

یان دەفەرموێت: ﴿....وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ ...﴾ (٢٥١) سورة البقرة واتە: خۆ ئەگەر خوا هەندێك لە خەڵكانی بەهەندێکی تری لەناو نەبات، هەر هەموو سەر زەوی پڕ دەبێت لە تاوان و خراپە.

[1] قورئان وشەی (صرع)و (صراعد) ی بەکار نەهێناوە هەروەها داتاشراوەکانیشی بەکارنەهێناوە، تەنها لەسورەتی(الحاقە) دا نەبێت، کە دەفەرموێت: (فترى القوم فيها صرعى كانهم اعجاز نخل خاويه)

یان دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ ﴾ (٤٠) سورة الحـج.

واتە: خۆ ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بەیەکداو حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت،

هەرچی شوێنی خواپەرستی جوولەکە و گاور هەیە لە خەڵوەتگە و کڵێساو کەنیسە، هەروەها مزگەوتانیش کەناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەمووی کاول دەکرێت.

بەم شێوەیە ئەم ئایەتانە بەڵگەن لەسەر سوننەتی (تدافع) واتە بەرهەڵستی کردن و رووبەرووبوونەوە، کەئەمە لەسوننەتی خوای گەورەیە کەروو بەرووی ستەمکاران ببنەوە کەئەمە ئەوەناگەیەنێت کە بکەونە ملّملانێی یەکتری بەڵکو رێسای گفتوگۆو تێگەیشتن بگرنەبەر لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا.

کە قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر دروسـترین رێکـارو یاسـا دەکاتـەوە لـەنێوان ئیمانداراندا بـۆ تـەعامول

کـــردن لەگـــەڵ ئەوانـــەی جیـــاوازن لـــەرووی بیروباوەڕوئاینـــەوە کـــە بەباشـــترین شـــێوە مامەڵـــە بکـەن لەگەڵیانـداو بـەجوانترین شـێوە ڕووبـەڕوویان ببنەوە بەبێ ئەوەی ڕێگەی شەڕوناکۆکی بگرنەبەر، وەك خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ادْفَـعْ بِـالَّتِي هِـيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ﴾ (٩٦) سـورة المؤمنون

واتە: هەوڵ بدە بەچاکترین و جوانترین شێوە پاڵ بە هەڵەو ناڕێکی ناحەزانەوە بنێیت و خەمت نەبێت ئێمە چاك ئاگادارین لە گوفتارو قسەی ناڕەوایان.

یان دەفەرموێت ﴿وَلَا تَسْـتَوِي الْحَسَـنَةُ وَلَـا السَّـيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَـهُ عَـدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ*وَمَا يُلَقَّاهَـا إِلَّـا الَّـذِينَ صَـبَرُوا وَمَـا يُلَقَّاهَــا إِلَّــا ذُو حَــظٍّ عَظِـيمٍ﴾ (٣٤-٣٥) ســورة فصلت.

واتە: بێگومان چاکە و خراپە وەك یەك نین، (تۆ ئەی باوەڕدار) بەجوانترین و چاکترین شێوە

بەرەنگاری خراپە و نادروستی بکە، ئەو کاتە ئیتر دەبینیت ئەوەی کە لەنێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی و ساردیەك هەیە، دەبێتە دۆستێکی دڵسۆز و گیانی بەگیانی. کەسیش ناتوانێت بەو رەفتارە هەستێت جگە لەوانەی کە ئارامیان گرتووە، هەروەها کەسیش ناتوانێت هەڵوێستی وا بنوێنێت جگە لە کەسێك نەبێت کە خاوەنی بەهرەیەکی گەورە بێت.

مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام لەرۆشنکردنەوەی ئەم جیاوازییەدا:

١. زانینی ئەو راستیەی کەدەبێت تاکی مسوڵمان قبووڵی ئەو راستیەبکات و بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ غەیری خۆی بکات.

٢. جێبەجێ کردنی هەر حاڵەتێك لەو حاڵەتانەی باسمان کرد تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەك تایبەتمەندی پەیوەندی مسوڵمان بەکافرەوە، مسوڵمان لەگەڵ خەڵکی بێ دین و بێ باوەڕدا، مسوڵمان لەگەڵ ئەوانەی خاوەنی کتێبی ئاسمانیین، هەرچۆن حاڵەتی شەڕ جیاوازە لەگەڵ

حاڵەتی ئاشتی دا، پاراستنی هاوسەنگی نێوان زۆرینەو کەمینە.

٣. جیاوازییەکان سوونەتێکن لە سوونەتەکانی خوای گەورەو تێگەیشتن لێی لەژێر رۆشنایی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە ژیری عەقڵ، چونکە خوای گەورە ئیرادەیەکی ئازادیشی پێ بەخشیوە، کەواتە ئاساییە لەنێوان مرۆڤەکاندا جیاوازی بیروڕا و بیروباوەڕو بیرکردنەوە هەبێت.

٤. دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ جیاوازییەکاندا، قبووڵ کردنی یەکتری لە پێناو ژیانێکی هاوبەشداو پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە، هاوکاری و یارمەتی دانی یەکتری لەسەر چاکەو بەرژەوەندییەکانی خاك و خەڵك لەگرنگترین داواو مەبەستەکانی جەوهەری دینداری و خواناسیە.

## سێیەم: داننان بەشكۆ و ڕێزو مافەكانی مرۆڤـ بەگشتی:

ئیسلام دانی ناوەبە ڕێزو كەرامەتی مرۆڤدا كە وەك ئەوەی مرۆڤە بەبێ سەرنج دانە بیروباوەڕ و بیركردنەوەی وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ ﴾ (٧٠) سورة الإسراء.

واتە: سوێند بەخوا بەراستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە. هەرچۆن خوای گەورە مرۆڤی گێڕاوە بەجێنشین لەسەر زەویداو بەهێزی كردووە بە بڕیارو ئیرادەكانی خۆی و سەرپشك بوون لەهەڵبژاردنەكانی دونیایدا وەك دەفەرموێت: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً﴾(٣٠) سورة البقرة . واتە: بەراستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم. هەرچەندە فریشتەكان بەشداریان كرد لەوە كە مرۆڤەكان لەوان باشتر دەتوانن ئاوەدانی و جێگەداری بكەن لەسەرزەویدا.

بەدڵنیاییەوە خوای گەورە دەرفەتی بەخشیوە بەمرۆڤ لەئازادی بیروباوەڕیدا وەك دەفەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ﴾(٢٥٦) سورة البقرة.

واتە: بە هیچ جۆرێك زۆر كردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بكرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر كەسدا).

خوای گەورە مرۆڤی ئازاد كرد لە كۆیلایەتی و بەندایەتی بۆبەندەكان تاخواپەرست و ئازادبن، تا بەهەموو تواناو ویست و ئیرادەی خۆیان تێكۆشن و پارێزگاری لەهەموو ماف و تایبەتمەندی و پێداویستیەكانی خۆیان بكەن و یەكسانبن لەڕێزی مرۆڤـ بووندا، مەگەر لەجۆری عیبادەت و پەرستشەكاندا جیاوازی هەبێت لەنێوان مرۆڤەكاندا، كە ئەوەش بابەتێكە تەنها لەنێوان مرۆڤەكان و خوای خۆیاندایە و بۆ قیامەت و پاشەڕۆژیانە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ

﴾ (١٣) سورة الحجرات. واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروست كردووە (كەباوكە ئادەم و دایكە حەوایە) و كردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەكتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەكەوە... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو كەسانەن كە زۆرتر لەخواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بەهەمووان.

لەو ڕوانگەیە خوای گەورە تاك بەتاكی مرۆڤایەتی بەرپرسیار كردووە كە دەبێت خۆیان لەخەمی قیامەتی خۆیاندابن وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى﴾ (٣٩) سورة النجم.

واتە: بەڕاستی ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێك نیە، تەنها ئەوەنەبێت كەخۆی هەوڵی بۆ دەدات.

یاخود دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ (١٦٤) سورة الأنعام. واتە: هیچ كەسێك هیچ

گوناهێك ناكات لەسەر خۆی نەكەوێت، هیچ كەسێك باری گرانی تاوانی كەسی تر هەڵناگرێت.

## چوارەم: یەك ئاینی و بنەمای ئاسمانی بوون و دابەزاندنی لەلایەن یەك پەروەردگارەوە:

دابەزاندنی ئیسلام و هەموو ئاینە ئاسمانییەكانی تر یەك سەرچاوەیەیان هەیە كە ئەویش خوایی و پەروەردگارە، هەموو شەریعەتەكان لەیەك خۆرەوە سەرچاوەی رووناكیەكانیان وەرگرتووە، هەر بۆیە ئیسلام بانگەشەی بڕواو ئیمان دەكات بەتەواوی پێغەمبەران و ئەو كتێبە ئاسمانیانەی كە لەپێشدا دابەزیون وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ (٢٨٥) سورة البقرة .

واتە: پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەكانی و

کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی، (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەك ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکانی خودا (لە باوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان)، پەروەردگارا لێخۆش بوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆ دەگەڕێینەوە.

یان دەفەرموێت: ﴿قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ (١٣٦) سورة البقرة.

واتە: (ئەی پەیڕەوانی محمد ﷺ ئێوەبڵێن: ئێمە باوەڕمان بە خوا هێناوەو بەو قورئانەش کە دابەزیوە بۆمان و بەوەش کە دابەزیوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی یەعقوب، هەروەها بەو پەیامەی کە بۆ موساو عیسا هاتووە و بەو پەیامانەی کە بۆ پێغەمبەران بەگشتی ڕەوانە کراوە لە لایەن پەروەردگاریانەوە،

ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کام لەو پێغەمبەرانەدا، ئێمە هەموومان تەنها تەسلیمی فەرمانی پەروەردگارین.

خوای گەورە روونی کردۆتەوە بۆمان کە هەموو شەریعەتەکانی پێغەمبەرانی پێشوو بۆ ئێمە شەریعەتە، ئیسلام هەموو بنەما شەرعیەکانی پێغەمبەرانی پێشووی لەخۆگرتووە وەك دەفەرموێت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ...﴾ (١٣) سورة الشورى.

واتە: رێبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، ئەوەی کەفەرمانی پێکردووە بە (نوح)، هەر بەو شێوەیە قورئانیشی بۆ تۆ ئەی محمد ﴿ﷺ﴾ وەحی و نیگا کردووە و بە ئیبراهیم و موساو عیساشمان راگەیاندووە کە رێبازی ئاین و یەکخواناسی بەرنەدەن و لەسەری بەردەوام بن، ئەم بانگەوازە راست و دروستە زۆر بەلای بت

پەرست و خوانەناسانەوە گران و زەحمەتە، بەڵاّم خوای دانا خۆی کەسانی شایستە هەڵدەبژێرێت بۆ گەیاندنی ئاینەکەی، رێنموویی خەڵکانێك دەکات کە بگەڕێنەوە بۆ لای بەرنامەکەی بەپەرستن و ئەنجامدانی کاروکردەوەی چاك.

لەهەمان کاتدا خوای گەورە لۆمەی ئەوانە دەکات کە جیاوازی و ناکۆکی دەخەنە نێو ئاینەکانەوە وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ (١٥٩) سورة الأنعام.

واتە: بەڕاستی ئەوانەی ئاینەکەیان بەش بەش کردو بوونە دەستە دەستە و پارچە پارچە (بڕوایان بەهەندێکی قورئان هەیە و هەندێکی تری پشت گوێ دەخەن)، ئەوە لەهیچ شتێکدا تۆ لەوان نیت، بەڵکو تۆ لەوان بەریت.

بەڵکو قورئان هەموو شوێنکەوتوانی بانگ دەکات کەسووننەت و ئاکاری پێغەمبەرانی پێشوو جێبەجێ بکەن و بیانکەنە سەر مەشق و پێشەنگ و پێشەوای خۆیان وەك دەفەرموێت: ﴿أُوْلَئِكَ الَّذِينَ

هَدَى اللّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ﴾ (٩٠) سورة الأنعام.
واتە: ئەو (ناوبراوانە) ئەو کەسانەن کە خوا (بەتایبەت) هیدایەت و ڕێنموویی کردوون، تۆش ئەی محمد ﴿ﷺ﴾، ئەی ئیماندار شوێنی هیدایەت و ڕێنموویی ئەوانە بکەوە.

لەوە گرنگتر ئەوەیە کە خوای گەورە ووشەی(ئیسلام)ی کردۆتە هاوبەش لەنێوان هەموو ئاینە ئاسمانیەکانی تردا کە لە ڕێزو قەدری ئیبراهیم پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (١٣١) سورة البقرة، واتە: کاتێك پەروەردگاری پێی وت: ملکەچ و فەرمانبەرداربە، (ئەویش خێرا) وتی: تەسلیمی پەروەردگاری هەموو جیهان بووم (باوەڕی پتەوم پێی هەیە).

لە ڕێزو قەدری یەعقووب پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: ﴿... إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ

وَإِسْحَقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ (١٣٣) سورة البقرة.

واتە: ئایا ئێوە (ئەی جوولەکەو گاورانێك کە باوەڕ بەمحمد ناکەن و خۆشتان بەشوێنکەوتەی ئیبراهیم و یەعقوب دەزانن) ئامادەی سەرەمەرگی یەعقوب بوون؟ ئەو کاتەی بەکوڕەکانی وت: دوای مردنی من چی دەپەرستن؟! هەموو وتیان: خوای تۆ و باوو باپیرانت دەپەرستین، کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقن، خوایەکی تاك و تەنهایەو ئێمە هەموو تەسلیم و فەرمانبەرداری ئەوین، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ ﴾ (١٩) سورة آل عمران.

واتە: بەڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە، ئەنجامی ئەمانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە:

١- داننان بە سەرجەم ئاینە ئاسمانیە راستەقینەکاندا، بەسەرجەم نێراوان و پێغەمبەراندا ئەوانەی قورئان باسی کردوون و ئەوانەشی باسی نەکردوون، لەگەڵ کردنەوەی بوار بۆ هەڵگرانی

ئاینەکانی تر کە لەژێر سێبەری ئیسلامدا بەئاشتی بژین.

٢- پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانەی مسوڵمان نین و لێبووردەیی و زۆر نەکردن لێیان وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾(٢٥٦) سورة البقرة.

واتە: بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا) .

یان دەفەرموێت: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنتَ مُذَكِّرٌ * لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ﴾ (٢١-٢٢) سورة الغاشية

واتە: کەواتە تۆ ئەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەم شتانە بخەرەوە یادیان و ئامۆژگاریان بکە، بەڕاستی تۆ هەر یاد خەرەوەیت.

خوای گەورە کاری پێغەمبەرمان دیاری دەکات و دەفەرموێت: ﴿مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاَغُ ﴾ (٩٩) سورة المائدة.

**واتە:پێغەمبەر هیچی لەسەر نی یە جگە لە ڕاگەیاندنی پەیامی خوا، هەر خوا خۆیشی دەزانێت بەوەی دەریدەخەن، بەوەش دەیشارنەوە (لە کردارو نیەتتان).**

**لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت : ﴿فَلِذَٰلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنتُ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِن كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ﴾ (١٥) سورة الشورى.**

**واتە: کەواتە ئەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ تۆ بۆ ئەوە بانگەواز بکە و پایادارو دامەزراوبە هەروەك فەرمانت پیٚ دراوە، شوێن ئارەزووی ئەوان مەکەوە و بەئاشکرا بلێ: من، باوەڕم هێناوە بەو کتێب و پەیامانەی خوا بۆی ناردوم و فەرمانم پێدراوە کە دادپەروەری بەرپا بکەم لە نێوانتاندا، (الله) پەروەردگاری ئێمەیە و ئێوەشە، بێگومان دەرئەنجامی کردەی خۆمان بۆ خۆمانە و کردەوەی**

ئێوەش بۆ خۆتانە، ئیتر هیچ کێشەیەك نیە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا (چونکە حەق دەرکەوت)، ئێمە و ئێوە هەر خوا خۆی کۆمان دەکاتەوە و گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە، دەفەرموێت: ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ (٦) سورة الكافرون.

خوای گەورە جەخت دەکاتەوە لەسەر واتای ئەم ئایەتانە لەئایەتێکی مەدینەدا کەدەفەرموێت: ﴿... وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ (٢٠) سورة آل عمران.

واتە: خۆ ئەگەر موجادەلە و گفتوگۆی سەختیان لەگەڵدا کردیت، ئەی محمد ﴿ﷺ﴾ تۆش بڵێ: من و ئەوانەی کە شوێنم کەوتوون ڕوومان کردۆتە خواو تەنها ملکەچی ئەوین، بەوانەی کە کتێبیان پێدراوە و ئەوانەش نەخوێندەوارن لە (موشریکانی عەرەب) بڵێ: ئایا ئێوە تەسلیم بوون بەخواو مسوڵمان بوون؟ خۆ ئەگەر تەسلیم بوون، ئەوە مانای وایە بەڕاستی ئەوە هیدایەتیان وەرگرتووە، خۆ ئەگەر

پشت هەڵکەن و باوەڕنەهێنن، ئەوە تەنها گەیاندنی پەیامەکە لەسەرتۆیە، خوای گەورەش بینایە بەبەندەکانی.

لەرووی کردارییەوە دەستوورو رێکەوتننامەی (مەدینە) لەئاست حوکمی دەستووردایە کە بۆ بەڕێوەبردنی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی نێو شاری مەدینە بووە، کە لەڕووی ئاینییەوە ئاینەکانی (ئیسلام و یەهودی و بت پەرست)ەکان تێیدا ژیاون و لەڕووی نەژادیشەوە پێکهاتبوو لەتیرەو هۆزەکانی (قەحتانیەکان و عەدنانیەکان و یەهودییەکان)، بەشێوەیەك یەکسانی لەنێوان مافی هەموو پێکهاتەکاندا پارێزراو بووە، لە مافی دراوسێیەتی و هاونشینی کە لەزمانی ئەمڕۆدا پێی دەوترێت هاونیشیتیمانی بوون.

لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا پارێزگاری لەمافی هەموو ئەوانە کراوەکە ڕازین لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا بژین بە بیروباوەڕی خۆیانەوە، نەك

مافیان پارێزراوبوە بەڵکوئەرکیشیان پێ سپێردراوە.[1]

رۆژهەلأت ناس (لول دیورانت)دەڵێت: (**لقد كان أهل الذمة بدرجة من التسامح لا نجد لها نظيراً في البلاد المسيحية هذه الأيام ، فلقد كانوا أحراراً في ممارسة شعائرهم الدينية ، واحتفلوا بكنائسهم ومعابدهم**)[2] .

واتە: بەتەئكید ئەهلی زیممە لەوپەڕی ئازادیدا مومارەسەی كاری خۆیان كردووە لە شاری (مەدیینەدا) كە نموونەی وا لەهیچ ولأتێكی مەسیحیدا وێنەی نەبووە، كە ئازادانە توانیویانە لەپەرستگاكان و كەنیسەكانیانی خۆیاندا كۆببنەوەو كۆڕی خۆیان بگێڕن.

---

(1) د.يوسف أبو هلالة : تعامل المسلمين مع غيرهم ط. دار الضياء ٢٠٠٢ ص

(2) . لول ديورانت : قصة الحضارة (١٣١/١٣)

**پێنجەم: ڕێزگرتن لە نەفسی مرۆڤ بوون، مردوو بێت یان زیندوو، هەتا ئەگەر مسوڵمانیش نەبێت:**

زۆر بەڵگەی قورئانی هەیە کە داوای ڕێزگرتن دەکات لە مرۆڤ وەك ئەوەی کەمرۆڤە، هەرچۆن بەڵگەمان هەیە ڕێز لەمردوو بگیرێت هەتا ئەگەر مسوڵمانیش نەبن، لەریوایەتی پێشەوا(البخاری)و(المسلم) دا هاتوە کە دەفەرموێت: ( **كان سهل بن حنيف، وقيس بن سعد، قاعدين بالقادسية، فمروا عليهما بجنازة، فقاما، فقيل لهما: إنها من أهل الأرض- أي من أهل الذمة . فقالا: إن النبي صلى الله عليه وسلم مرت به جنازة فقام، فقيل له إنها جنازة يهودي! فقال:** ( **أليست نفساً** ) [1] .

واتە: سوهەیلی کوڕی حەنیف و قەیسی کوڕی سەعید لەقادسییە دانیشتبوون، جەنازەیەکیان بەلایانا تێپەڕاند، هەردووکیان هەڵسان لەبەری،

(1) . صحيح البخاري ، الحديث ١٢٥٠ ، ومسلم الحديث ٩٦١

**یەکێك لەویا پێی وتن ئەوە لە ئەهلی زیممەیە و مسوڵمان نییە؟ ئێمەش پێمان ووت بەدڵنیاییەوە پێغەمبەر ﷺ هەڵسا لەبەرجەنازەیەك وتیان ئەوە جولەکەیە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :ئایا نەفسی مرۆڤێك نیە؟؟!.**

**شەشەم: زۆر نەکردن لەهیچ کەسێك و ناچار نەکردنی بۆ مسوڵمان بوون :**

پێشەوا (الطبری) و(السیوطی) لە(عبداللەی کوڕی عەباسەوە) دەگێڕنەوە کەدەفەرموێت: ( **أن أبا الحصين الأنصاري كان له ابنان قد تنصرا قبل الهجرة ولحقا بالشام ، ثم عادا إلى المدينة فلزمهما، وأراد إجبارهما على الإسلام فأبيا، ثم احتكم إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم ليكرهمها على الاسلام وكان حجة والدهما قوله: ( يا رسول الله أيدخل بعضي النار، وأنا أنظر؟ ) فأنزل الله تعالى: (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ) فخلّي سبيلهما)**[1] .

واتە: ئەباحسینی ئەنصاری دوو کوڕی هەبوون، پێش کۆچی مەدینە بووبوون بە مەسیحی لە وڵاتی

---

[1] . تفسير الطبري ط.بيروت ، بتحقيق الشيخ أحمد شاكر _٣/٢٠– ٢٢ ) وفي بعض الروايات : اسم الوالد هو " الحصين " والدر المنثور ط. دار الكتب العلمية / بيروت ٢٠٠٤م ( ٥٨٢/١– ٥٨٥ )

**شام، دواتر گەڕانەوە بۆ شاری مەدینە و هاتنەوە بۆلای باوکیان، باوکیان داوای مسوڵمان بوونی لێ کردن بەلاَم ئەوان ڕازی نەبوون، دواتر باوکیان هانای بردە لای پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ تاپێی رابگەیەنێت کە مسوڵمان نابن بۆیە رووی کردە پێغەمبەری خواو فەرمووی(ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾چۆن ڕازی بم بەشێك لەخۆم بچێتە ناو ئاگری دۆزەخ و منیش سەیربکەم؟ خوای گەورە ئایەتی (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ) دابەزاندە خوارەوەو فەرمووی وازیان لێبێنەو رێگەیان بۆ والأبکە.**

## حەوتەم: بنچینەی پەیامی ئیسلام ئاشتییە نەك شەڕ:

شەڕ لەئیسلامدا شوێنی نییە مەگەر بۆکاتی پێویست نەبێ، چونکە شەڕ لەخۆیدا خۆشەویست نییە لەدەرونی هیچ کەس و بڕواداریێکدا وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾ (٢١٦) سورة البقرة .

واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی جەنگ لە مانگی حەرامدا (کە بریتین لە ـ ذوالعقدة ـ ذوالحجة ـ محرم ـ رِجب) بڵێ: جەنگ لەو جۆرە مانگانەدا کارەسات و هەڵەیەکی گەورەیە.

هەروەها خوای گەورە لەشوێنێکی تردا تەئکید لەم بابەتە دەکاتەوەو دەفەرموێت: ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (٧) سورة الممتحنة.

واتە: نزیکە خوا خۆشەویستی و سۆز بەرپا بکات لە نێوان ئێوە و ئەوانەدا کە دوژمنایەتیتان لەگەڵ کردن لەوان و هەندێکیان باوەڕ بهێنن، هەمیشە

**خوا بە دەسەڵاتە، هەر ئەو خوایەش لێخۆشبوو میهرەبانە چاوپۆشی لە ڕابوردوو دەکات.**

**یان دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا﴾ (٢٤) سورة الفتح .**

**واتە: هەر ئەو خوایە دەستی بێ باوەڕانی لەئێوە بەستەوە (نەیهێشت جەنگ ببێت)، دوای ئەوەی ئێوەی زاڵ کرد بەسەریاندا لەناو جەرگەی مەککەدا، خوا هەمیشەو بەردەوام بینایە بەوەی کە دەیکەن.**

**هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا﴾ (٢٥) سورة الأحزاب.**

**واتە: خوا کافری تێکشکاندو گێڕانییەوە دواوە بەخۆیان و کینەو بوغزیانەوە، هیچ جۆرە خێرێکیان دەست نەکەوت، هەرخوا خۆی**

ئیماندارانی لەجەنگ پاراست، جا هەمیشەو بەردەوام خوا بەهێزو بەدەستەڵاتە.

ئەم ئایەتانە بەڵگەیەکی ڕۆشنە لەسەر ئەوەی ئەم ئیسلامە ئاینی ئاشتی و بیروباوەڕە، یاسایەکە مەبەستێتی هەموو جیهان لەژێرسایەیدابێت، خەڵکی هەمووی لەژێر سێبەری برایەتی و خۆشەویستی و هاوکاری کۆبکاتەوە، هەرئەمەش واتاو مانای حەقیقی و ڕاستی ئەوپەیامەیە کەخوای گەورە دەیەوێت، چونکە هەموو ئەمانە بوونە واقیع و ژیان و مامەڵەی خەڵکی کە بەتێکڕای جیاوازیەکانیانەوە هەمووان لەژێر سایەو سێبەری ئیسلامدا دەژیان.

## هەشتەم: بنەمای پێشخستنی ئاشتی بەسەر شەڕدا گەرچی لەئاشتیشدا هەندێك لە تەنەزوولیشی تێدابێت:

بەگشتی ئاشتی و ئاشتەوایی لەپێش هەر بڕیارو کارێکی ترەوەیە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَالصُّلْحُ خَيْرٌ ﴾ (١٢٨) سورة النساء. واتە: هەمیشە رێکەوتن و تەبایی شتێکی چاك و پەسەندەوە دەفەرموێت: ﴿ ...أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصْلِحُواْ بَيْنَ النَّاسِ... ﴾ (٢٢٤) سورة البقرة واتە: نەکەن سوێند خواردن بەخوا بکەنە کۆسپ لەبەرامبەر چاکەکاری و ئاینداری و رێکخستنی خەڵکیدا (واتە کەفارەتی سوێندەکانتان بدەن و لە چاکەو چاکەکاری درێغی مەکەن) چونکە خوا زۆر بیسەرو زانایە.

ئەم ئاشتەواییە تەنها بۆ نێوان بڕواداران نییە بەڵکو بۆ تێکڕای مرۆڤەکانە ئەم سودو قازانجە وەك

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لاَّ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاَحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتَغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (١١٤) سورة النساء.

واتە: (ئەوەی بەرژەوەندی ئێوەی تێدایە) لە دنیاو قیامەتدا (خوا ڕوونی کردۆتەوە)، هەروەها پرسیارت لێدەکەن دەربارەی بێ باوکان (کە چۆن بن بۆیان) پێیان بڵێ: چاکسازی و پەروەردەکردنیان لە هەموو شت چاکترو پەسەندترە، خۆ ئەگەر تێکەڵاویان بکەن و بیانهێننەماڵتان ئەوانە براتانن (دەبێت بەچاکی چاودێری خۆیان و ماڵیان بکەن) خوایش کەسانی خراپساز (ئەوانەی تۆوی خراپە دەچێنن) و چاکسازتان دەزانێ و جیای دەکاتەوە، ئەگەر خوا بیویستایە باری گران دەکردن و مەرجی سەختی دادەنا (دەربارەی چاودێری هەتیوان)، چونکە بەڕاستی خوا باڵادەست و داناو کاربەجێ یە.

ئیسلام ڕۆشنی کردۆتەوە مەترسیەکانی خراپەکاری و دوورەپەرێزی لەچاکەو چاکە خوازی کەیەکێکە لەو تاوانە گەورانەی مرۆڤایەتی بەرەو تیاچوون دەبات وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ﴾ (٢٠٥) سورة البقرة.

واتە: هەر کاتێك ئەو جۆرە کەسە پشتی هەڵکردو دەسەڵاتی پەیدا کرد، هەوڵ و کۆشش دەدات لە زەویدا تا ئاشوب بەرپا بکات و خراپە بڕوێنێت و کشتوکاڵ لەناو ببات و پاکتاو کردنی ڕەگەزی ئەنجام بدات، بێگومان خوا فەسادو خراپە و تاوانی ناوێت.

کەخوای گەورە لەوەصفی بیٚ بڕواو تاوانباراندا دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ﴾ (١٥٢) سورة الشعراء. واتە: ئەوانەی کە تۆوی گەندەڵی و خراپەکاری و تاوان لە زەویدا دەچێنن و هەرگیز چاکسازی ناکەن.

لەکاتێکدا چاکە کاری پەیام و مەشخەڵی پێغەمبەران بووە وەك خوای گەورە لەسەر زمانی (شوعەیب) پێغەمبەرەوە دەفەرموێت: (..**إن أريد إلاّ الإصلاح ما استطعت وما توفيقي إلاّ بالله عليه توكلت وإليه أنيب**) ﴿١﴾

واتە: من هیچم ناوێت تەنها چاکسازی نەبێت، بەگوێرەی توانام، رێکخستنی کارم بەدەستی کەس نیە بەدەستی خوا نەبێت، پشت و پەنام هەر بەو بەستووە و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

کە خوای گەورە فرسەت دەبەخشێتە ئەوانەی ئالأی چاکەخوازیان هەڵگرتووە: ﴿ إِن يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللّٰهُ بَيْنَهُمَا ﴾ (٣٥) سورة النساء.

واتە: ئەگەرچاکسازی و رێکخستنیان بوێت، ئەوە خوا پێکهاتن فەراهەم دەهێنێت لە نێوان ژن و مێردەکەدا، خوای گەورە پەیوەندی نێوان تیاچون و سەرفرازی و خراپەکاری و چاکەخوازی

[1]. سورة هود الآية (٨٨).

ڕێکخستووەو دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ (١١٧) سورة هود.

واتە: پەروەردگارت بە ستەم خەڵکی شارو دێهاتەکان لەناو نابات، لەکاتێکدا خەڵکەکەی چاکەخواز و چاکساز بن.

چاکەوچاکە خوازی لەئیسلامدا تەنها دروشم نیە و بەس، بەڵکو مەنهەجە و پێغەمبەری ئیسلام﴿ﷺ﴾ جێبەجێی کردووە لەسیرەت و ژیانی پێغەمبەرایەتی خۆیدا بەتایبەت کاتێك کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەهاوەڵاندا بەڕێکەوتن بۆجێبەجێ کردنی (عەمرە) بەڵام قوڕەیشیەکان بەرهەڵست کاریان کرد و نەیان هێشت نزیکی شاری (مەککە)ببنەوە، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾هەوڵیدا هەرچۆنێك بووە بچێتە ناو شاری (مەککە)، بۆ ئەم مەبەستە (عوسمانی کوڕی عەفانی) ناردە بۆ شاری(مەککە) بۆ هەواڵ پێدانیان کەتەنها مەبەستیان جێبەجێ کردنی مەراسیمی عەمرەیە، بەڵام قوڕەیشیەکان ڕازی نەبوون، بۆیە پێغەمبەری

خوا ﷺ بانگی هەموو هاوەڵانی کرد و داوای بەیعەت و پەیمانی لێکردن لە (الحودیبیه)[1]. کە هەموو هاوەڵان بەیعەت و پەیمانیانی بەخشینی گیانی خۆیانیاندا بە پێغەمبەری خوا بێجگە لەیەك کەس کە لە دووڕووەکان بوو بەناوی (الجد ابن قیس).

لێرەدا کۆتایی بەصوڵحی حودەیبیبە هات کەلەلەڕووی دەرەوە زۆرترین سازشی تێدابوو لەلایەن مسوڵمانەکانەوە بۆ بت پەرستەکانی قوورەیش، بۆنموونە پێشەوا(علی کوری ئەبوتالیب) لەسەرەتای ڕێکەوتنەکەوە (بسم الله الرحمن الرحیم)ی نووسی بوو، بەڵام نوێنەری قورەیشیەکان بەوەڕازی نەبوو بۆیە وتی بنوسە(باسمك اللهم) هاوەڵان ڕازی نەبوون بەڵام

[1] . یراجع : فتح الباري شرح صحیح البخاري (٤٣٩/٧) وصحیح مسلم کتاب الإمارة (١٤٠٩/٣) ویراجع للمزید : أ.د. أکرم ضیاء العمري : السیرة النبویة الصحیحة ،ط.قطر (٤٣٤/٢ – ٤٥٣)

پێغەمبەر ﷺ فەرموی بنوسە(باسمك اللهم)، دواتر (سوهەیل) ڕەخنەی گرت کە ئەم دەستەواژەیە نابێت بنوسرێت (هذا ما قاضی علیه محمد رسول الله، ولا قاتلناك ، ولكن اكتب : محمد بن عبدالله) چونکە گەر بمان زانیایە تۆ پێغەمبەری خوایت رێگری ماڵی خوامان لیٚ نەدەکردی و لەگەڵتا نەدەجەنگاین، بۆیە بنووسە (موحەمەدی کوڕی عەبدالله)،پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (والله إني لرسول الله وإن كذبتموني ، اكتب : محمد بن عبدالله ) واتە بنوسن (موحەمەدی کوڕی عەبدالله)، پێشەوا عەلی داوای لێبووردنی کرد فەرمووی من ناتوانم ووشەی (رسول الله) بکوژێنمەوە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەستە پیرۆزەکانی خۆی کوژاندیەوە[1]

دواتر(سوهەیلی کوڕی عەمرو)[2] مەرجێکی قورسی دانا بۆ ئەو رێکەوتننامەیەو وتی: (**أنه لا يأتيك**

---

[1]. صحيح مسلم ، كتاب الجهاد (٣/١٤١٠ – ١٤١١).

[2]. مصنف عبدالرزاق (٥/٣٤٣).

**منا رجل ـ وإن كان على دينك ـ إلاّ رددته إلينا في حين أن من عاد من المسلمين إلى قريش فإنها لا ترده)**[1] .

واته: گەر هەر مسوڵمانێك پاش گەزبوویەوەو هاتەوە بۆلامان ئێمە نایگێڕینەوە بۆت، بەلاّم گەر هەرکەسێك لەئێمە مسوڵمان بوو پێویستە لەسەرتان بیگێڕنەوەبۆمان.

لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە خاڵی قورس و گرانی تێدابوو بە نیسبەت ئیماندارانەوە بەجۆرێك (عومەری کوڕی خەتاب) ڕوو دەکاتە پێغەمبەرمان ﷺ ودەفەرموێت: (**ألست نبي الله حقاً؟ قال : بلى، قلت ألسنا على الحق وعدونا على الباطل ؟ قال: بلى، قلت فلِم نعطي الدنية في ديننا إذاً ؟ قال:(إني رسول الله ولست أعصيه وهو ناصري)**[2]

---

[1] . **صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ المغازي** (٤٥٣/٧).

[2] . **صحيح مسلم** (١٤١٢/٣).

واتە: ئایا پێغەمبەر خوا ڕاست و ڕەوانییە؟ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾: بەڵێ، عومەر فەرموی: ئەی ئێمە لەسەر حەق راستی نیین؟ و دوژمنانمان ناڕەواو بێ بنەما نیین؟ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾فەرمووی: بەڵێ، ئینجا عومەر فەرموی: دەی ئیتر بۆ ئەم زەلیلیە لەدینداری قبووڵ بکەین؟ پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمووی: من پێغەمبەری خوام و سەرپێچیم نەکردووە، هەر ئەو سەر خەرمە.

دوای ئەم رێكەوتنە یەكێك لەوانەی تازە مسوڵمان بوو بوو(أبو جندل بن سهیل)بوو، هاتبوو بۆلای مسوڵمانان، دواتر(سوهەیلی کوڕی عەمرو)[1] هات بەشوێنیداو بردییەوە بۆمەككە بەپێی ئەو رێكەوتنەی لە نێوانیاندا بوو، ئەمەش هاوەڵانی زۆر بێتاقەت و خەمباركرد لەدەروونەوە بۆیە هاتنە خزمەت پێغەمبەر و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا بڕیارێك لەم بارەوە بدە؟: **قال** :(**نعم، إنه من**

[1]. **صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ كتاب المغازي** (٤٥٣/٧).

**ذهب إليهم فأبعده الله، ومن جاء منهم سيجعل الله له فرجاً ومخرجاً)**[1] .

واتە: بەڵێ هەرکەسێك بچێت بۆلایان خوا لەناوی بات، هەرکەسێك لەوانەوە بێت خوا دڵ خۆش و رزگاری دەکات.

ئەمە هەمووی ئەو چاکە کاریەیە کە پێغەمبەر ﷺ بەدەستی هێنا لە پێناو گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بانگەوازە شکۆدارەکەی ئیسلام کە هەموو زانایانی سیرە یەك دەنگن لەسەرئەوەی کە لەو ماوەیەدا زۆرترین خەڵك داغڵ بە بازنەی ئیسلامەتی بوون، بەڕێژەی زیاد لە هەشت هەزار کەس کە تازە مسوڵمان بوو بون، بەجۆرێك بوو بە سەرەتای سەرهەڵدانی خۆری رزگاری و زۆربوونی رێژەی ئیمانداران.

کە لەئاسمانەوە مژدەی رزگاری وسەرکەوتن درایە پێغەمبەری خوا ﷺ وئایەتی **(إنا فتحنا لك**

[1] . صحيح مسلم (١٤١٢/٣).

**فتحاً مبيناً** ) دابەزییە خوارەوە کەپێغەمبەرمان لەم بارەیەوە فەرمووی:(**لقد أنزلت علي الليلة سورة لهي أحب إليّ مما طلعت عليه الشمس) ثم قرأ : (إنا فتحنا لك فتحاً مبيناً)**[1] .

واتە:بەتەئکید ئەم شەو سورەتێك دابەزیوەتە خوارەوە لەلام شیرین ترە لەوەی خۆربەسەریدا هەڵدێت، دوایی ئایەتەکەی خوێندو فەرمووی: (**إنا فتحنا لك فتحاً مبيناً**).

[1] . صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ كتاب المغازي (٧/٤٥٢)

## نۆیەم: دادو داد پەروەری دەبێت بۆهەموان بێت:[1]

ئەم بنەمایە لە گرنگ ترین بنەماکانی ئاینی ئیسلام دادەنرێت کەڕاگری ڕێسا و یاسای شەریعەتی ئیسلامە، بەڵکو ڕاگری ئاسمانەکان وزەوییە، گەر سەرنج بدەین لە قورئاتی پیرۆزدا زیاد لە (شەست و یەك) جار ووشەی (عدل) و پێکهاتەکانی دووبارە بۆتەوە، کە ئەمە گرنگی پێدانی قورئانە بۆ بابەتی دادپەروەری و عەدالەت، چونکە خوای گەورە خۆی فەرمانی پیّ دەکات وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللّٰهَ

[1]. يقول أبو البقاء العكبري في الكليات ، ط.مؤسسة الرسالة ص ١٥٠ : (الاعتدال هو توسط حال بين حالين في كم وكيف) ويقول في ص ٦٣٩ : (العدل ضد الجور ..“ والعدالة لغة الاستقامة ،وفي الشريعة عبارة عن الاستقامة على الطريق الحق بالاختيار) وذلك بالاجتناب عن الهواء ،ويقول في ص ٧٣٣ : القسط بالكسر العدل ، وبالضم الجور ) والقسطاس هو الميزان الدقيق للاحتراز عن الزيادة والنقصان ، وجاء في معجم الوسيط ،ط. قطر ص ٥٨٨ : (العدل : الانصاف ، وهو إعطاء المرء ماله ، وأخذ ما عليه )وفي ص ٧٣٤ : (القسط : العدل ،وهو من المصادر الموصوف بها ، يوصف به الواحد ، والجمع ، يقال : (ميزان قسط ، وميزانان قسط ، وموازين قسط ...والقسطاس : أضبط الموازين وأقومها)

يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ ﴾ (٩٠) سورة النحل.

واتە: بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان و قەدەغە لە گوناح و تاوان و دەستدرێژی دەکات (بۆ سەر ماڵ و نەفس و نامووس) و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و بیربکەنەوە و (هەر چاکە بکەن)، یان دەفەرمویێت ﴿ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ ﴾ (٨) سورة المائدة. واتە: دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە، هەروەها دەفەرمویێت: ﴿ وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى ﴾ (١٥٢) سورة الأنعام. واتە: کاتێکیش قسەو گوفتارتان کرد ئەوە دادپەروەر بن و (لایەنی ناحەق مەگرن) ئەگەر خزمی نزیکیش بێت.

لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ﴾ (١٥) سورة الشورى. واتە: فەرمانم پێدراوە کە دادپەروەری بەرپا بکەم لە نێوانتاندا.

دەفەرموێت: ﴿ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى ﴾ (٨) سورة المائدة واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر بەچاکی هەستن بەئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا، رق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك هەڵتان نەنێت کەلە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە، دەی کەواتە لەخوا ترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کارو کردەوەیەی کە دەیکەن. وە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ ﴾ (٥٨) سورة النساء.

واتە: بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان و هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە بەڕاستی خوا بەجوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەدات، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام بیسەر و بینایە.

هەتا نابێت مرۆڤ لە پرەنسیپەکانی دادپەروەری لابدات تەنانەت لەو کاتانەش کە شوێن هەواو ئارەزووەکانی دەکەوێت چونکە ئەمە داوای خوای گەورەیە لەبەندەکانی و دەفەرموێت: ﴿ فَلاَ تَتَّبِعُواْ الْهَوَى أَن تَعْدِلُواْ ﴾ (١٣٥) سورة النساء. واتە: نەکەن شوێن ئارەزووی نەفس بکەون لە دادپەروەری لابدەن.

هەتا دەبێت دادپەروەربین بەرانبەر ئەوانەش کە توشی هەڵەو لادان بوون، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَإِن فَاءتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ (٩) سورة

الحجرات. واتە: دەستبەجێ هەوڵ بدەن ڕێکیان بخەن و ئاشتیان بکەنەوە، خۆ ئەگەر لایەکیان هەر دەستدرێژی دەکردە سەر لاکەی تر، ئەوا ئێوە بەگژ ئەوەیاندا بچن کەستەم و دەستدرێژی دەکات، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا... جا گەر لایەنە سەرکەشەکە بۆ فەرمانی خوا سەری دانەواند، ئەوە ئێوە ناوبژیوانێکی دادگەرانە لەنێوانیاندا بکەن و دادپەروەری ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کەدادپەروەری ئەنجام دەدەن.

دەبێت دادپەروەربین لەنێوان خێزانەکانماندا چونکە دادپەروەری تەنها مەرجی پێکهێنانی زیاد لە هاوسەرێکە و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً﴾ (٣) سورة النساء واتە: خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەر بن (لەنێوان هاوسەرەکانتاندا) ئەوە با یەك ژن مارە بکەن هەروەها دادپەروەری مەرجی قبوڵ بوونی

شایەتی دانە وەك دەفەرموێت: (**واشهدوا ذوي عدل منكم**)[1] .

واتە: لە كاتی جیابوونەوەی یەكجاریدا با دوو شایەتی دادپەروەرو خواناس لە خۆتان لە نێواندا هەبێت و ئامادەی شایەتی ببن و ببپارێزن بۆ خواو لەبەر خوا.

دووبارە بوونەوەی وشەی (القسط) لە قورئانی پیرۆزدا كە (حەفتاویەك) جار دوبارە بۆتەوە تەنها بۆ ئەوەیە بەگرنگیەوە سەیری ئەم بابەتە بكەین و بەهەند وەری بگرین لە ژیانی تاكو كۆمەڵگەكەماندا وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ (٤٢) سورة المائدة. واتە: خۆ ئەگەر دادوەریت كرد لە نێوانیاندا دادپەروەرانە ئەنجامی بدە.

یان دەفەرموێت ﴿ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ (٩) سورة

---

[1]. سورة الطلاق / الآية (٢)

الحجرات واتە: ئەوە ئێوە ناوبژیوانێكی دادگەرانە لەنێوانیاندا بكەن و دادپەروەری ئەنجام بدەن، چونكە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت كەدادپەروەری ئەنجام دەدەن.

یان دەفەرموێت: ﴿وَيَقْتُلُونَ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (٢١) سورة آل عمران واتە: بە ڕاستی ئەوانەی باوەڕ ناهێنن بەئایەت و فەرمانەكانی خوا و پێغەمبەرانیش بەبێ هیچ حەقێك دەكوژن و ئەو خەڵكانەش دەكوژن كە فەرمان بە دادپەروەری دەكەن، كەواتە مژدەی سزایەكی پڕ ئێشیان پێ بدە!

یان دەفەرموێت: ﴿ وَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ﴾ (١٥٢) سورة الأنعام. واتە: كێشان و پێوان بە ڕێك وپێكی بەكار بهێنن بەدادگەری ئەنجامی بدەن و (فێڵی تێدا مەكەن).

یان دەفەرموێت: ﴿وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ﴾ (١٨٢) سورة الشعراء. واتە: بە تەرازوو پێوەری راست و دروستیش کێشانە بکەن.

لەسەر ئەم بابەتە بۆمان دەردەکەوێت کەئیسلام ئەو ئاینە گەورەو مەزنەیە کە گرنگی تەواوی بە دادپەروەری داوە لەهەموو گۆشەکانی ژیانەوە، چونکە خێرو رەحمەت و میهرەبانی دەوێت بۆتێکرای مرۆڤەکان و دان دەنێت بە جیاوازی بیرو ڕاو بیروباوەڕو رەنگ و زمان و پێکهاتە جیاوازەکانەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ ﴾ (٢١٣) سورة البقرة

واتە: خوایش وێڵی نەکردن و پێغەمبەرانی رەوانەکرد، تا مژدەدەرو ترسێنەربن هاوڕێ لەگەڵ کتێبی ئاسمانیدا، بۆ روون کردنەوەی حەق و راستی، تا لەنێوان خەڵکیدا فەرمانڕەوایی و

دادوەری ئەنجام بدات لەسەر ئەو شتانەی کە بۆتە کێشەیان و ڕاو بۆچوونیان لەسەری جیاوازە،
هەروەها دەفەرموێت :( :﴿وَلَوْ شَاء اللّـهُ لَجَعَلَكُـمْ أُمَّـةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَـاكُم فَاسْـتَبِقُوا الخَيْـرَاتِ ﴾ (٤٨) سورة المائدة.

واتە: خۆ ئەگەر خوا بیویستایە هەر هەمووتانی دەکردە یەك ئوممەت و گەلێکی یەك پارچە، بەلاّم (ویستی وایە بەو جیاوازیە) تاقیتان بکاتەوە لەوەی پێی بەخشیوون (تا بەهۆی عەقلّ و ژیریتانەوە شوێنی پێغەمبەری ئیسلام بکەون)، دەی کەواتە زۆر بەپەلەبن و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێرو چاکەیەك.

یان دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ* إِلاَّ مَـن رَّحِـمَ رَبُّـكَ وَلِـذَلِكَ خَلَقَهُـمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ (١١٨-١١٩) سورة هود.

واتە: خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ، (بەڵام)

بەردەوامیش ئەو خەڵکە جیاوازن لەنێوانی یەکتردا لە ئایین و بەرنامە و بۆچووندا.. مەگەر ئەوەی بەزەیی پەروەردگارت گرتبێتیەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی کردوون.

هەموو ئەم ئایەتە قورئانیانە و فەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەیستمان ﴿ﷺ﴾ بۆ ئەوەیە دەرون و ناخی تاکی مسوڵمان ئامادە بکرێت کە قبووڵی غەیری خۆی بکات بەجیاوازی بیرو ڕا و بیروباوەڕییەوە، ژیان لەگەڵیدا بەوپەڕی ئاشتیانە، کە لەدرێژایی مێژووی ئیسلامیدا خەڵکانێکی زۆر لە پەتای سیاسەت و دەسەڵاتی ئیسلامیدا حەساونەتەوەو پشویان داوەو ژیان و سەرو ماڵیان پارێزراو بوە و بەتەواوی مومارەسەی تەواویان کردووە بەمافەکانی خۆیانەوە، لەکاتێکدا هیچ ئیمپراتۆریکی تر لە خاچ پەرستەکان و ئەوانی تر نەیان توانیوە ڕێزو شکۆی ئاینی ئیسلام بپارێزن، چوونکە مێژوو کردارو ڕەفتاری خاچ پەرستەکانی

لەبیر نەچۆتەوە کەلە (ئەندەلوس) چیان کرد بە جولەکەو مسوڵمانان.

## دەیەم: گفتوگۆ و حیوار ئەصلْ و بنەمایە نەك کێشمەکێش و رووبەڕوو بونەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان :

جەخت کردنەوەی قورئان و هەڵنانی مسوڵمانان لەسەر بانگەوازو ئامۆژگاری بەجوانترین و نایابترین شێوە، گفتوگۆو حیوار بنەماو رێسای یەك لایی کردنەوەی گرفتەکان بێت، دوور لەهەموو هەڵچون و

تووڕەیی و ململانێیەك چونكە قورئان دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (١٢٥) سورة النحل.

واتە: (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) بانگەواز بكە بۆ لای بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت بەحیكمەت و دانایی (بۆ هەندێك) و ئامۆژگاری جوان و بەجێ، (بۆ هەندێكی تر) و گفتوگۆو موجادەلە بەجوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێكی تردا بەتایبەتی خاوەن كتێبەكان).

هەروەها قورئان تەئكید لەوە دەكاتەوە كەدەبێت تەنها بەجوانترین شێوە موناقەشەو گفتوگۆی خاوەن كتێبەكان بكرێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (٤٦) سورة العنكبوت.

واتە: گفتوگۆ و (مجادلە) مەكەن لەگەڵ خاوەنی كتێبە ئاسمانیەكاندا مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت.

**یانزەیەم: ستایشی قورئان بۆ ئاینە ئاسمانییەکان وەك پەیام و پێغەمبەرانیان ستایشێکی مەزن و پڕ شکۆیە:**

بەتەئکید قورئان گرنگییەکی تایبەتی داوە بەستایشی حەزرەتی (ئیبراهیم) کە بابە گەورەی تێکڕای پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلییەکانە بە (جولەکە و مەسیحییە) کانەوەو بەنەوەو وەچەکانیانەوە، گرنگی قورئان بە گەورەمان حەزرەتی(موسی) بەجۆرێك چیرۆکی (موسی)

پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) لەچەندین شوێن و سوورەتی قورئاندا باس کراوە کە(١٤) جار دووبارە بۆتەوە لە قورئانی پیرۆزدا، هەرچۆن قورئانی پیرۆز باسی بنەماڵەو خانەوادەی (ال عمران) دەکات و سورەتێکی قورئانی بەناوەوە داناوەو سورەتێکی تری بەناوی (مریم)وە ناوناوەو بەچەندین دەستەواژە باسی(عیسی)ی کوڕی مەریەم دەکات، هاوکات لەباسی نەوەکانی ئیسرائیل دا خوای گەورە ستایشی بەنی ئیسرائیل دەکات کاتێ لەخزمەتی دەعوەو بانگەوازی پێغەمبەرەکانیان بوون وەك دەفەرموێت: ﴿يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ (٤٧) سورة البقرة واتە: ئەی نەوەی ئیسرائیل: یادی نازو نیعمەتەکانم بکەنەوە کە رشتومە بەسەرتاندا بێگومان من گرنگی زۆرم پێداون و نازو نیعمەتی زۆرم پێ بەخشیوون من زیادە رێزی ئێوەم داوە بەسەر هەموو خەڵکیدا (ئەڵبەتە لەسەردەمی خۆیاندا و

ئەوانەی کە پابەندی ئاینی خوا بوون، بەتایبەتی پێغەمبەران و پیاو چاکان)...

هەر چۆنێك ستایشی مەسیحیەکان دەکات بەشێوەیەکی گشتی و دەفەرموێت: ﴿... وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ﴾ (٨٢) سورة المائدة.

واتە:...و سوێند بێت دەبینیت و دەستت دەکەوێت نزیکترینیان لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ئەوانەن کە دەیانوت: بەڕاستی ئێمە نەصرانین، ئەوەش لەبەر ئەوەیە بەڕاستی هەندێك لەوان قەشەی دیندارن و هەندێکیشیان گۆشەگیرو کەسانی خواپەرستن و بێگومان ئەوان خۆ بەگەورە دانانێن.

هەروەها قورئان بە دەستەواژەی ناسك و جوان باسی کتێبە ئاسمانییەکانی (ئینجیل) و(تەورات) دەکات وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ

هَادُواْ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَاء فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلاً وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ (٤٤) سورة المائدة

واتە: بەڕاستی ئێمە کاتێك تەوراتمان ناردە خوارەوە ڕێنموویی تیادا بوو (بۆ هەموو خێرو چاکەیەك)، نوور و رووناکیش بوو (لەناو تاریکایەکاندا)، ئەو پێغەمبەرانەی کە هەمیشە ملکەچ و فەرمانبەردار بوون حوکمی ئەوانەیان پێ دەکرد کە ببونە جولەکە، هەروەها زانا پەروەردگار ناسەکانیان و زانا شەرع ناسەکانیشیان، حوکمیان دەکرد بەوەی داوایان لێکرابوو بیپارێزن، کە ئەویش کتێبی خوا (تەوراتە)، هەروەها شایەتیش بوون لەسەری (کەواتە ئەی زانایانی جولەکە، ئەی ئیمانداران) لە خەڵکی مەترسن بەڵکو تەنها لە من بترسن، ئایەت و فەرمانەکانی من بەنرخێکی کەم مەفرۆشن (ئەگەر نرخەکە هەموو دنیاش بێت هەر

کەمە) جا ئەوەی حوکم و داوەری بەو بەرنامەیە نەکات کە خوا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە بێ باوەڕن.

وە دەفـەرموێت: ﴿وَقَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِعَيسَى ابْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ (٤٦) سورة المائدة.

واتە: ئینجا بەشوێن ئاسەواری هەموو پێغەمبەرانی (نەوەی ئیسرائیلدا) عیسای کوڕی مەریەممان هێنا، کە ڕاستی تەوراتی دەردەخست و پشتیوانی لێدەکردو ئینجیلیشمان پێدا، کە هیدایەت و نوور و ڕووناکی تێدایە و پشتگیریی تەوراتی پێش خۆیەتی، هیدایەت و ڕێنموویی و ئامۆژگاریە بۆ ئەو کەسانەی کە لە خوا دەترسن و پارێزکارن.

بۆ ئەوەی ئیمان دامەزرابێت خوای گەورە بڕوابوون بەتەواوی پێغەمبەرانی کردۆتە یەکێك لە بنچینەوپایەکانی ئیمان وەك دەفەرموێت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن

رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ (٢٨٥) سورة البقرة .

واتە: پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەك ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا (لە باوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان) پەروەردگارا لێخۆش بوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە.

## دوانزەیەم: بنەمای داگرندەیی و گشتگیری حوکوم و بڕیار لە ئیسلامدا نییە بەرانبەر بە خەڵکی:

لەگەورەی ئامرازو هۆکار بۆنزیك کردنەوەی خەڵکی لەیەکتری و ئەوەیە کەقورئانی پیرۆز هەرگیز حوکمەکانی بەرانبەر بەنی ئیسرائیل بەشێوەیەکی گشتی بەکار نەهێناوە و مەودایەکی باشیشی بەجێ هێشتوە بۆگفتوگۆو حیوارو لێك تێگەیشتن،

بۆنموونە خوای گەورە دفەرموێت : ﴿لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ*يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُوْلَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ (١١٣-١١٤) سورة آل عمران .

واتە: (گاور و جوو) هەموویان یەکسان و چوونیەك نین، بەڵکو لە خاوەنانی کتێب دەستەیەك لە ئیماندارانیان هەن، ئایەتەکانی خوا لەکاتەکانی شەودا دەخوێننەوەو نوێژدەکەن و سوژدە دەبەن (مسوسڵمانن بەهەموو واتایەك). ئەوانە ئیمان و باوەڕیان بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە و فەرمان دەدەن بە چاکە و قەدەغەی خراپە دەکەن و بە پەلە و تاڵوکەن بۆ ئەنجامدانی هەموو خێرو چاکەیەك، بێگومان ئەوانە لە ڕیزی چاکەکار و چاکەخوازاندان.

وەدەفەرموێت:﴿وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لاَّ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلاَّ مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ (٧٥) سورة آل عمران .

واتە: لە شوێنکەوتووانی کتێبە ئاسمانیەکان کەسانێك هەن ئەگەر ماڵ و داراییەکی زۆری بەئەمانەت لەلا دابنێیت (هەر کاتێك داوای بکەیت) بۆت دەگێڕێتەوە بەتەواویی، هەشیانە ئەگەر دینارێکی بەئەمانەت لادابنێیت بۆت نایگێڕێتەوە، مەگەر بە سەریەوە راوەستابیت و کۆڵی لێنەدەیت، ئەوان بۆی وادەکەن چونکە دەڵێن: لە بەرامبەر دەستەی نەخوێندەواراندا (مەبەستیان مسوڵمانانە) لێپرسراو نابین (ئەگەر فێڵیان لێبکەین و ماڵیان بخۆین)، ئەوانە بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن و دەشزانن کە درۆ دەکەن...

وەدەفـەرموێت: ﴿ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُـونَ وَأَكْثَـرُهُمُ الْفَاسِـقُونَ﴾ (١١٠) سورة آل عمران.

واتە: خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە (بە ئاینی ئیسلام) ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن، بەڵام زۆربەیان گوناهبارو تاوانکارن. کەئەم ئایەتانەفرسەت وپانتاییەکی باشە بۆگتوگۆو حیوار .

**سیانزەیەم: بنەمای فراوان کردنی بازنەی هەماهەنگی لەنێوان مسوڵمانان و غەیری خۆیان، بۆ ئەوەی هەموان بگرێتەوە هەتا بێ دینەکانیش:**

ئیسلام ئەم بازنە گەورەیە یەی هێشتۆتەوە بۆ پەیوەندی لەگەڵ خاوەن دینە ئاسمانییەکانی (جولەکەو،مەسیحیی)ەکان.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەئیسلام بڕیاری شەڕو رووبەڕووبوونەوەی دابێت بەرانبەر بێدینەکان، بەڵکو ئیسلام بازنەی پێکەوە ژیانی فراوان کردووە تاهەموان پێکەوە بژین، بێجگە ئەوانەی هێرش دەکەن و دوژمنایەتی ئەنجام دەدەن.

لـــەم ڕوانگەیـــەوە خـــوای گـــەورە بانگـــەوازی هەمووئەوانـە دەکـات کـە جیـاوازن لـەڕووی فکـری وبیروبـــاوەڕەوە بـــۆلای بنەمایـــەك کەهاوبەشـــە لەنێوانیانـــدا کەئـــەویش گەڕانەبەشـــوێن ڕاســـتی ودروستیدا وەك دەفەرموێت: ﴿ وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ*قُل لَّا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ (٢٤-٢٥) سورة سبأ.

واتە :ئەوسا پێیان بڵێ: بێگومان ئێمە، یا ئێوە لەسەر ڕێگەی (ڕاست و دروستی) هیدایەتین، یاخود لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچووین!! (خۆتان ببنە

دادوەر).ئەم ئایەتەپیرۆزی قورئان بانگەوازی هەمووپێکهاتەکان دەکات بێجیاوازی بۆگەڕان بەشوێن حەقیقەت وڕاستیدا،وەبەشوێن باتڵ وگومڕایدا.

لەجوانترین شێوازەکان قورئان بانگ کردنی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾و هاوەڵانییەتی بۆلای شتێك کە لەلای ئەوان ڕاست و دروستە. بەتەئکید ئەم پەیامی ئیسلامە دانی ناوە بەهەموو ئەو بنەماو پەیوندییە جیاوازیانەی کە ئیمان بزوێنەرو جوڵێنەرییەتی، ئەو بازنانەش ئەمانەن:

أ ـ بازنەیەکی مرۆیی کە لە ئادەم تا خاتەمی تێدا جێگە دەبێتەوە بەدەستەواژەی..**یا أیها الناس**.

ب ـ بازنەی نەتەوایەتی کە بە دەستەواژەی قورئانی جۆرێکە لەبرایەتی...هاونیشتیمانی بوون.

ج ـ بازنەی خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان.

د ـ بازنەی گەڕان بەشوێن ڕاستیدا بەشێوەیەکی گشتی.

## چواردەیەم: بەتەئکید (جیهاد) و تێکۆشان بۆ دەستەبەر کردنی ئازادییەکانە.

بانگەوازی ئیسلام بۆ(جیهاد) لەیەکەم ئایەتدا کە دابەزییەخوارەوە لەپێناوی دەستەبەرکردنی ئازادی ئاینی بوووەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ* الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ* الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ (٣٩-٤١) سورة الحج.

واتە: مۆڵەت دراوە بەو ئیماندارانەی شەڕیان پێدەگێرن، کە بجەنگن و بەرهەڵستی بکەن چونکە بەڕاستی ستەم لێکراون، بێگومان خوا دەسەڵاتی هەیە کە سەریان بخات و سەرکەوتنیان پێببەخشێت...،ئەوانەی کە بەناحەق لە وڵاتیان

دەربەدەر کران (تەنها تاوانیان ئەوەبوو) کە دەیانوت: پەروەردگارمان (الله) یە، خۆ ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بەیەکداو حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جوولەکە و گاور هەیە لە خەڵوەتگە و کڵێساو کەنیسە، هەروەها مزگەوتانیش کەناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەمووی کاول دەکرێت، سوێند بێت بێگومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پشتگیری ئاین و بەرنامەکەی دەکات و هەواڵی سەرخستنی دەدات، بەڕاستی خوا زۆر بەهێز و باڵادەستە. ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لە زەویدا نوێژ و دروشمەکانی بەچاکی ڕادەگرن، زەکاتیش بەتەواوی دەدەن، فەرمان بەچاکە دەکەن، قەدەغە لە خراپە دەکەن، سەرئەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە.

**پازده یەم :جەنگ دواهەمین قۆناغەکانی جیهادە:**

جەختکردنەوەی ئیسلام لەسەر ئەوەی کە جیهاد لەپێناوی خوادا تەنها شەڕو پێکدادان وکوشتن وبڕین نییە،بەڵکو جەنگ دواهەمین قۆناغەکانی جیهادە ئەویش بەهەمووئەومەرج وڕێساوڕێکارە شەرعیانەی بۆی دیاری کراوە.

**شازدەیەم: پەیوەست کردنی جیاوازییەکان بەناسین و خوێندنەوەی یەکتری نەك کوشت و سڕینەوەی یەکتری:**

قورئـــان جیاوازییـــەکان دەبەســـتێتەوە بـــە ناســـین وشـــارەزا بـــوون لەیـــەکتری نـــەك ململانـــێ کـــردن لەگەڵیەکتری وەك خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿یَـا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّـن ذَكَـرٍ وَأُنثَـى وَجَعَلْنَـاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنـدَ اللَّـهِ أَتْقَـاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (١٣) سورة الحجرات.

واتە : ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروستکردووە (کەباوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کەزۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بەهەمووان.

## پێڕست

| ژ | بابەت | ل |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | بنەما گشتیەکان و یاسا بنەڕەتییەکان بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و هاوکاری مرۆیی | ٧ |
| ٣ | یەکەم: بنەمای دانانان بە جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و فیکری و رەنگ و زمان و بیرو باوەڕە | ٨ |
| ٤ | دووەم: بنەمای بەرهەڵستی کردن، سوننەتی بەرهەڵستی کردن بە جوانترین شێوە | ١٨ |
| ٥ | سێیەم: دانانان بەشکۆ و رێزو مافەکانی مرۆڤـ بەگشتی | ٢٣ |
| ٦ | چوارەم: یەك ئاینی و بنەمای ئاسمانی بوون و دابەزاندنی لەلایەن یەك پەروەردگارەوە | ٢٦ |
| ٧ | پێنجەم: رێزگرتن لە نەفسی مرۆڤ بوون، مردوو بێت یان زیندوو، هەتا ئەگەر مسوڵمانیش نەبێت | ٣٧ |
| ٨ | شەشەم: زۆر نەکردن لەهیچ کەسێك و ناچار نەکردنی بۆ مسوڵمان بوون | ٣٩ |
| ٩ | حەوتەم: بنچینەی پەیامی ئیسلام ئاشتییە نەك شەڕ | ٤١ |
| ١٠ | هەشتەم: بنەمای پێشخستنی ئاشتی بەسەر شەڕدا گەرچی لەئاشتیشدا هەندێك لە تەنەزوولیشی | ٤٤ |

| | | |
|---|---|---|
| | **تێدابێت** | |
| ١١ | **نۆیەم: دادو دادپەروەری دەبێت بۆهەموان بێت** | ٥٥ |
| ١٢ | **دەیەم: گفتوگۆ و حیوار ئەصڵ و بنەمایە نەك کێشمەکێش و رووبەڕوو بونەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان** | ٦٥ |
| ١٣ | **یانزەیەم: ستایشی قورئان بۆ ئاینە ئاسمانییەکان وەك پەیام و پێغەمبەرانیان ستایشێکی مەزن و پڕ شکۆیە** | ٦٧ |
| ١٤ | **دوانزەیەم: بنەمای داگرندەیی و گشتگیری حوکوم و بڕیار لە ئیسلامدا نییە بەرانبەر بە خەڵکی** | ٧٢ |
| ١٥ | **سیانزەیەم: بنەمای فراوان کردنی بازنەی هەماهەنگی لەنێوان مسوڵمانان و غەیری خۆیان، بۆ ئەوەی هەموان بگرێتەوە هەتا بێ دینەکانیش** | ٧٥ |
| ١٦ | **چواردەیەم: بەتەئکید (جیهاد) و تێکۆشان بۆ دەستەبەر کردنی ئازادییەکانە** | ٧٧ |
| ١٧ | **پازدە یەم :جەنگ دواهەمین قۆناغەکانی جیهادە** | ٧٩ |
| ١٨ | **شازدەیەم: پەیوەست کردنی جیاوازییەکان بەناسین و خوێندنەوەی یەکتری نەك کوشت و سڕینەوەی یەکتری** | ٨٠ |